# ئەم ماستە بێ موو نیە

ئەحمەد دەشتی

هەلكوتانی ئەمەریكیەكان بۆ سەر بارەگای پارتی دیموكراتی كوردستان كە لە / / 2003ڕووی دا كارێكی عەجولانەو ناڕاست و ناڕەوا بوو،هاوكاری پارتی لە گەل ئەمەریكیەكان دا بۆ لێدانی عێراق نیشانەی دۆستایەتی كردنی هاوپەیمانەكانە خۆ پشمەرگەی كوردستان هاوكاریەكی تەواویان لە گەل ئەوان دا كردوەو لە ڕزگار كردنی تەواوی ناوچەكانی كوردستانی ژێر دەستەی ڕژێمی ئێراق دا دەورێكی بالایان هەبوو و هەتا ئەمڕۆش دۆست و هاوپەیمانیەتی ئەمەریكاییەكانن و هەموو هاوكاریەكی ئەمەریكایان كرد بۆ ڕوخانی ئەو ڕژێمە فاشیەی بەغداو ئێستاش هەر هاوكاری ئەوانن،ئەم هەنگاوەی ئەمەریكیەكان بۆ سەر بارەگای هاوپەیمانەكانی خۆیان لە بەغدا و تەوهین كردن بەو بارەگایە ،گەلێ پرسیارو گومان دەخاتە بەر چاوی كورد و بە تایبەتب ئەندام و لایەنگران و دۆستانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە ،گەلی كورد كە سالەهای سال بە هۆی خیانەتی ئەمەریكیەكان لە گەلی كورد و پشت كردن لەم گەلە هەژارە لە سالی 1975دا كە زۆر نامەردانە خەنجەرێكی ژەهراویان لە گەلی كورد داو گەلی كوردیان توشی ئەو هەموو كارەسات و ئەنفال و هەلەبجەو خاپور كردنی سەدان هەزار گوندی كوردەواری و ئەنفالەكان كرد و سەدامیان بەردایە گیانی گەلی كوردو بە سەدان هەزار كوردیان زیندە بەچال كردو هەشت هەزار كەس بارزانیان بە كۆمەل لە ناو برد وكوردستایان كرد بە گۆمی خوێن و ئەوەی لە دەستیان هەات دژ بە كورد ئەنجامیان دا ،ئەم خیانەتی ئەمەریكیەكان هەرگیز لە بیر ناچێتەوە ،ئەمڕۆكەش لە هەر هەنگاوێكیان دژ بە كوردو كوردستان دا هەموو دلسۆزێكی كوردستان دەسلەمێتەوەو بە خۆیەوە دەلێت گەلۆ دەبێ ئەم ئەمەریكیانە ئەمجارەش لە پشتەوەڕا خەنجەریكی ژەهراوی ترمان لێ نەدەنەوە؟خۆ نیازی ئەو زل هێزانە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر بەرژەوەندیەكانی خۆیانەوەو هیچ بۆنێكی مرۆڤایەتی و هاوكاری و بەرژەوەندی دیگەران و گەلانی چەوساوەی لێ نایەت ئەوان هەرچی كە دەیكەن بۆ خۆیانەو بەس،جا ئەم جۆرە ڕەفتارە دزێوانەش دژ بە دۆستەكانی خۆیان نیشانەی ئەو ڕاستیانەن كە هێزەكانی ئەمەریكا تەنیا مەبەستیان جێ بەجێ كردنی نیازەكانی خۆیانە ،هەرچەندە كە گەلی كوردیش ئەمڕۆ بە سودی خۆیەتی كەڕێز لەو هاوپەیمانیە بگرێت و هەتا بۆی بلوێت گێرمەو كێشەكان كە ڕوو دەدەن كەم بكاتەوەو ڕێگا بە تەشەنە كردنی ئەم كارەناڕەوایانەو خراپانە نەدەن و بەوپەڕی ئارامی و ژیرانە دەبێ بەرەو پیری چارەسەر كردنی تەواوی كێشەكان بچن،چونكە دوژمنای كوردو گەلی عێراق وان لە سەنگەرو لە هەر ڕوداوێك دا دەیانەوێ ئاگرەكە خۆش بكەن و بەنزینی پیا بكەن،ڕاستە كە ئەمەریكیەكان لەمەو بەر خیانەتیان لە كورد كردووە ،لەوانەشە ئەمڕۆش بیكەن و هیچ دوور نیە ،بەلام ئەمڕۆكە بۆ كورد پێویستە كە هەتا بلێی ئارام و لە سەر خۆ بێت و لە هەموو گیرو گرفتەكانی كە دێنە پێش ژیرانە ڕەفتار بكرێت و بە زووی هەل نەچن و بە شێوەیەكی ئارام و لە سەر خۆوە لە گەل هاوپەیمانانداا چارەسەریەكان بدۆزنەوە ،كێ بێ ئەوە نەزانی كە ئەو زل هێزانە بۆ ئەوە هاتوون كە نیازەكانی خۆیان كە داگیر كردنی هەموو ئەو ناوچەی پڕ لە نەوتی خاوەر میانەیە و نیازیشیان شكاندنی ئەو هەموو ترس و لەرزەیانە بە دەست تڕۆریستان و دوور خستنەوەیان لە وەلات و خەلك و نیشتمانی خۆیان و پاراستنی تەواوی بەرژەوەندیەكانی خۆیان كە ئەمڕۆكە هەڕەشەیان لێ دەكات و ئەگەری ڕووداوەكانی وەك 11 ئەیلولی ڕابوردویان لێ دوور بكەویتەوە ،گەلی كوردیش كە سالەهایە چەوساوەی دەستی داگیركەرانی تڕۆریست و مرۆ كوژە كە بە هەزاران هەزارمان لێ كوژراو و مال وێران و خاك داگیر كراو چەوساوەین،بۆیەكە ئەمڕۆ دۆستایەتی ئەو زل هێزانە دەكات و هیوای ڕزگار بوون و پاراستنی برژەوەندیەكانی گەلی كورد لەم هەلە دا دەخوازێت،شتێكی ئاشكراشە كە لە هەموو جیهان دا زل هێز و بێ هێز لە پێش هەموو شتێكەوە بەرژەوەندیەكانی خۆیان ڕەچاو دەكەن و دەیپارێزن،جا چەسپاندنی هەر دۆستایەتیەكی كە بەرژەوەندی گەلی كوردی تێدابێ ئەركێكی میللی و پێویستی سەر شانی هەموو كوردێكە كەئەمڕۆ بەوپەڕی ژیرانە و زیرەكانە بی پارێزێت و

هەموو پێش بینیەکمان تەنیا لە پێناوی کوردستانی ئازیز و خۆشەویستمان بێت و کاریَ نەکرێت ئەگەر لە گەمژەلیەتی ئەو زل هێزانەوەش بێت،ئەم دۆستایەتی و نەزیك بوونەوە لەوان وا بە ئاسانی تێك بدرێت و خوا نەخواستە لە دەست بڕوات،زۆر ڕاستە کە ئەمڕۆکە گەلی کورد بە هۆی ئەو هەموو زوڵم و زۆر داریەی کە لیَی کراوەو جەستەی پڕ لە برین و ئازارەو ئیَستاش هەتوان نەکراوە ،بەلام لەم هەلە پیرۆزە دا گەلیَ دەستکەوتی وەدی هیَناوەو تەواوی کوردستانی باشوری ڕەنگینمان وا لە ژیر دەسەلاتی خۆمان دایەو هەموو ناوچەکانی تەعریب کراومان وا ڕزگار کراوە کە ئەمە سەرکەوتنیَکی تا بلیَ مەزنە ،هەرچەند کە گەلیَ گیرو گرفتیش دیَنە پیَشەوەوچارە سەر کردنیشیان ئەوەندە هاسان نیە و زۆریشی دەویَت بۆیەکە دەبیَ کە گەلی کورد بە تایبەت سەرکردەکانمان هەتا بلیَی وریاو زاناو دوور بین بن و هوشیارانەو لیَزانانە کارو بارەکان بڕیار لە سەر بدەن،ئەمڕۆ لە کوردستان دا خۆمان دەبیَ کاریگەریەتیەکی گەلیَ مەزنمان هەبیَت بۆ بەڕیَوە چوونی خۆمان بە شیَوەیەکی ئاوا کە هیچ حەساسیەتیَك بەرامبەر ئەو زلهیَزانە دروست نەکریَت و ببیَتە هۆکاری کە ئەوان دیسان لیَمان هەل بگەڕیَنەوەو کارەسات و بەدبەخیەکانی ڕابوردومان بۆ بگەڕیَننەوە ،ڕاستە کە ئەمەریکیەکان نایانەویَ کە کە هیچ کەسیَ لە عیَراق دا تەنانەت دۆستەکانیشیان هیچ جۆرە دەسەلاتیَکی وایان هەبیَت کە لە قسەیان دەربچن، ئەوان دەیانەویَ بۆخۆیان هەرچی کە بیانەویَ لە پیَناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئەنجامی بدەن و کەسیَ نقەی لیَوە نیَت و بە هەوەسی خۆیان ئەگەر دژایەتی گەلی عیَراقیش بیَت و بەلام بەرژەوەندیەکانیان بپاریَزریَت ئەوا ئەنجامی دەدەن، ئەوان دەیانەویَ بە کەیفی خۆیان جلیتانیَ لە سەر خاکی عیَراق بکەن،ئەم ڕوداوەی کە لە بەغدا ڕووی داوەو لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە شتیَکی زۆر ئاسایە ،هەرچەند کە ئەم ڕوداوە خۆی شتیَکی کەم نیە کە مرۆی کورد لیَ نەسلەمیَنتەوە ،وەدبیَ کورد ئەم ڕاستیانە زۆر باش بزانیَ کە گلیَ ڕەفتاری خراپتریش لەوانەیە ڕوو بدات،بەلام دەبیَ بە شیَوەیەکی ژیرانە و لە سەر خۆییەوە چارە سەری بکریَ،ئەمڕۆ کە هیَزەکانی ئەمەریکا لە عیَراق دا خەریکن خۆیان دادەمەزریَنن و تەنانەت ئەوەندەش گویَ نادەنە پرس و ڕای خەلکی عیَراق و بۆ خۆیان هەرچی بیانەویَ ئەنجامی دەدەن و ئەوان نەخشەی خۆیان لە میَژە داڕشتووەکە چی دەکەن و وەك خۆشیان دەیانەویَ پیادەی دەکەن،پیَم وایە کە ئەوان نایانەویَ جاریَ تا ماوەیەکی دوور و دریَژتر هەولی ئەوە بدەن کە حکومەتیَکی ئەگەر کاتیش بیَت دابمەزریَ و کارو بارەکانی عیَراق وا زوو بدریَتە دەست خودی خەلکی عیَراقەوە ،هەرچەند کە ئەمە بۆ خۆی هەنگاویَکە کە تەنیا مانەوەی ئاژاوەو سەر کیَشە بۆ خودی ئەمەریکیەکان و تەواوی خەلکی عیَراق دروست دەکات و ئەگەر هەر ئاواش بڕواتن پیَم وایە دیسانەکە ئاسایش و ئارامی بە تەواوی لە عیَراقا جیَگیر نابیَت و دیسانەکە لەم لاو ئەولا دا گرفتەکان بۆ خەلکی عیَراق دروست دەبنەوە ، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە بە توندی ئەم هەلکوتانەسەر یەکیَ لە بارەگاکانی خۆی لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە شەرمەزار کردووە نیشانەی ئەوەیە کە هەماهەنگیەکی تەواو نیە لە گەل ئەمەریکیەکان و لە وانەشە کە گەلیَ شتی ئاوا دزیَو ڕوو بداتەوە ،دیارە کە ئەمەریکیەکان تەنانەت لە گەل خودی ئەو هیَزانەش بە تەواوی نین هەرچەندە کە هاوپەیمانەکانی زلهیَز تا ئیَستا هیچ گیَرمە و کیَشەو بگرەو بەردەیان لە کوردستان لە گەلی کورد نەدیوەو هیچ ڕووداویَکی دزیَو لەکوردستان لە گەل هیَزەکانی ئەمەریکا دروست نەبووەو تەناەت سەر بازیَکیشیان لە سەر خاکی کوردستان خوینیَ لە لوت نەهاتووە ،ئەمەریکیەکان ئەم ڕاسیە چاك دەزانن و پیَشم وایە حیسابیَك بۆ گەلی کورد لەو بارەوە کراوە کە ئەمە بۆ خۆی بە سودی گەلی کوردە ،من پیَم وایە ئەگەر ئەمەریکیەکان لە گەل تەواوی هیَزە سەرەکیەکانی کوردستان دا ڕاست نەبن لە ئاکام دا کیَشەکان زیَتر پەرە دەسەنیَ و ئاسایش و ئارامی لە کوردستانیش سەقامگیر نابیَت و گەلی کوردو خودی ئەمەریکیەکانیش زیانیَکی زۆریان پیَ دەکەویَت و بە گرانیش لە سەرگەلی کورد دەکەویَت،ئەوەی کە سودی پیَ دەگات دوژمنانی ئارامی و ئاسایشن لە کوردستان و عیَراق دا ، هەموو ئەم جۆرە هەنگاوانە وەك ئەو هەلکەوتانە بۆ سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغداوە دلی دوژمنانی کورد شاد دەکات وهەمیشە دەیانەویَکە بەنزین بەو ئاگرە دابکەن وئاگرەکە خۆشتر بکەن و ژانەکانی دەروونیان بەم کارانە کەم دەکەنەوە ،بە تایبەتی ئەگەر لە لایەن کوردەوە شتیَکی ناشیرینتر دژ بەم کارانە ڕوو بداتەوە ،من پیَم وایە دەبیَ گەلی کورد زۆر وریا بیَت و دەبیَ حسابیَك بۆ ئەوەش بکریَت و ئەگەری هەلگەرانەوەی ئەمەریکیەکانیش لە هیَزە کوردیەکان بکریَت، کە ئەم

ئەگەرە زیانێکی زۆر گەورە بە گەلی کورد دەگەیەنێ و پیێم وایە ئەوسا ئاواتی دوژمنای کوردو کوردستان دیتە دی،بۆیەکە دەبێ بەوپەڕی زانایانە پیێشبینیەکان بکرێن و بە زووی هەلوی ئاشتیانەوە چارەسەر هەموو گیرو گرفتەکان بکرێت و لە گەل زل هێزەکان دا ،لەرۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانیش ژیرانە لە سەر هەموو ڕوداوێ بنوسرێت و ڕیێگە چارەسەری بۆ تەواوی کارە دزیێوەکان بدۆزنەوە ، هەروەك گوتم ئەمەریکاو هاوپەیمانەکان بۆ وە هاتوون نیازی خۆیان جێ بەجێ بکەن و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن،لێرەدا کە بەرژەوەندی گەلی عێراقیش تیا بێت دەبێ دۆستایەتی و هاوپەیمانەتی ڕێزی لێ بگیرێت، خۆ دیارە کە تا ئێستا ئەمەریکیەکان کەمتر هەنگاو داوێن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی دیموکراتی و ئەمەش بۆ خوی زیانیێکەبۆ گەلی عێراق،دەبینین بریمەری حاکمی ئەمەریکیەکان لە عێراق دا تا ئیێستاکە جاری لە جاران دانی تەنانەت بە وشەی ناوی کورد و کوردستانیشەوە نەهیێناوەو هەر دەلیێ ئەم ناوە بەگوناە دەزانێ کە ناویان ببات،من وەك کوردیێك بەش بە حالی خۆم گومانم بۆ دروست بوەو لەو هەموو بۆ چونی ئەمەریکیەکان و هەلس و کەوت و خۆ گیێل کردنیان لە دامەزراندنی حکومەتێکی خاوەن دەسەلات لە عێراق دا ،ئەمرۆ دەبینین کە ئەمەریکیەکان بەو هەموو هیێزانەیانەوە نەیان توانیوە کە بە تەواوی ئارامی و ئاسایش لە عێراق دا بین وەددی بینن،هیێشتان لەولاو ئەملا دا تەق و تۆق دەکریێت و ناوە بە ناوە سەربازیان لێ دەکوژریێت و ئەوانیش دیگەران کوژرن،خۆ ئەگەر هەر وابڕواتن پیێم وایە شتەکە زیتر تەشەنە دەکات و دوژمنانی گەلی عێراقیش بە تایبەتی دوژمنانی گەلی کورد زیاتر ئاگر خۆش دەکەن،خۆ بێ دەنگ کردن و هەول نەدانی ئەمەریکیەکان بۆ داپین کردنی حکومەتێکی دیموکراتیانەی کاتی لە عێراق دا نیشانەیەکە بۆ پەرە سەندنی نا ئارامی و بگرەو بەردەی زۆری تر وەك دەلیێن ئەو ماستە بێ موو نیە ،پیێم وایە ئەگەر هەر ئاوا بڕواتن ئەمەرەکیەکان و هاوپەیمانەکان دۆستایەتی لە گەل خەلکی کوردستان و عێراق دا لە دەست دەدەن و لە دەست دانی دۆستایەتی ئەمەریکیەکانیش لە گەل هەموو خەلکی عێراق بە تایبەتی لە گەل هیێزە کوردیەکان دا زیانیێکی هەتا بلیێی گەورەیە بۆ خودی کورد و تەواوی گەلی عێراق و هەموو زل هیێزەکان،

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیر و بۆچونی خاوەنەکەیەنی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**